چیرۆکی وەرگێڕاو

زەکی قەساب

# لە ئەدەبی تورکمانییەوە

و: عەبدولستار جەباری



## فێڵ

هەموویان هاتن، یەکێکیان پێکەنی و هەندێکیان ژیوان بوونەوە و زۆریان ورد و خاشکران و زۆربەشیان دەسخەڕۆ و فریودران و سووکایەتی بە مردووەکانیان کرا و ژیار و شارستانییان وێران و کاولکرا و گریان و... گریان... تەنیا یەکێکیان نەبێت؟

## بکوژەکەم

هەڵهاتم و لێدرام و ئیتر مەحاڵە دووبارە بتوانم هەڵبێم، چاوەڕێیم کرد تا بمکوژێت، کوشتمی و بە تەنیا لە بیابان مامەوە، دانیشتم تاکو نووسینەکانم تەواو بکەم، گوێم لە بانگی بەرەبەیان بوو، شادمان بووم بەوەی لە ریزی مردوواندا نیم، دڵخۆش بووم و دڵخۆشییەکەم زۆری نەبرد و چەند چرکەیەکی خایاند و جارێکی تر بکوژەکەم هات تا بمکوژێت، تکام لێ کرد و وتم وازم لێ بێنە. کەسانی تریش لێی پاڕانەوە.. وەڵامی دایەوە و گوتی:

– ئەگەر تۆ نەکوژم ئەدی چۆن دەبمە پیاوکوژ؟!

## من دەپرسم؟

من ژیانم خۆش دەوێ و ئێستاش مکوڕم لەسەر ئەم خۆشەویستییە، وەلێ بەرپەرچی دامەوە، کاتێک بە راشکاویی پێم گوت و لە یەکێک لە بلیمەتەکانم پرسی، لەوانەی وا ئەزموونێکی مەزنیان هەیە لە ژیاندا و پێم گوت:

– بۆچی ژیان خۆشەویستیی من رەت دەکاتەوە؟ ئەی دانا و بلیمەت ڕێنوێنیم بکە تا لەم تەنگژەیە ڕزگارم بێت؟

وەڵامێ دامەوە و گوتی:

– ژیان چییە؟

## کتێبخانەکەم

کە چوومە ژوورەکەم، خۆم لە بەرامبەر کتێبخانەکەمدا بینییەوە، ئەو کتێبانەی تێدا بوون، کە چیرۆکەکانی منیان لەخۆگرتوون، لەپڕ کتێبخانەکەم هەموو چیرۆکەکانمی فڕێدایە سەر زەوی؟ کاتێک پرسیم بۆچی تووڕەت هەڵدانە سەر زەوی؟! چیرۆکەکانم هێمن و گرینگن و خۆیان هەڵناقورتێنن لەو شتانەی کە پێوەندییان بەوانەوە نییە؟!...

کتێبخانەکەم وەڵامی دایەوە و گوتی: هەر لەبەر ئەو هۆکارانەیە لای ئێمە شوێنیان نابێتەوە...؟